نیشتیمانێکی سەربەخۆ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان RIZGARY PARTY OF KURDISTAN

---

## راگەیاندراوی دویماهی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی رزگاریی کوردستان

بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی رابردووی حزب، بۆ خوێندنەوەی رەوشی هەنووکەیی کوردستان، بۆ لێکدانەوەی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان، سەرلەبەیانی رۆژی 12-9-2005 کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە شاری سلێمانی، کۆبۆوە.

سەرەتا خولەکێك وەستانی بێدەنگ بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی راگەیەندرا. پاشان رۆژەڤی کۆبوونەوە دیارکرا. ئەوسا راپۆرتی کار و چالاکیەکانی کۆمیتەی پارێزگاکان خوێندرانەوە و گفتوگۆیان لەسەرکرا. لەماوەی زیاتر لە 8 سەعات بە تێروتەسەلی رۆژەڤی کۆبوونەوەکە خرایە بەرباس و لێکدانەوە.

کۆبوونەوە کاروچالاکیەکانی 7 مانگی رابردووی حزبی رەخنەکرد و ئاماژەی بەو کەمتەرخەمیانەش کرد کە لە هەندێ بواردا کراوە. خاڵە لاوازەکان دەستنیشان کران، گەڵاڵەی نوێ دارێژران و بەرپرسیاریتیەکان دابەشکرانەوە.

کۆبوونەوە بە چڕی لەسەر رەوشی هەنووکەیی کوردستان، پێشکەوتن و گرفتەکانی راوەستا. خۆشحاڵی خۆی بۆ یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسیەکان، بە تایبەتیش بۆ هاوهەنگی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەربڕی. هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال وەك نوێنەری کورد بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، پەسندکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، هەڵبژاردن و دەستبەکاربوونی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دەستکەوتی گرنگ و هەنگاوی ئەرێنی نرخێندران. بەڵام لەبەرانبەر یەکنەخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، زەقکردنەوەی حزبایەتی لە نێو دامودەزگەکانی حکومەتی هەرێم، زۆرکردنی بارەگاکانی حزبی لەنێو گەڕەك وشار و شارۆچکەکاندا نیگەرانی خۆی دەربڕی و هیوای خواست کە هەرچی زووترە هەردوو ئیدارەکە یەکبخرێنەوە و حکومەتێکی یەکگرتووی بنکەفراوان پێکبهێنرێت.

کۆبوونەوە جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری دەستپێکردووە و نیازیەتی بەئەنجامیان بگەیەنێ، بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵنەکردنی بازاڕ، پەرەسەندنی گەندەڵی ئیداری و دارایی، بەرزبونەوەی نرخی خۆراك و پێداویستیەکانی دیکە، جەماوەر هەراسانە و بە نیگەرانییەوە لە ژیان و داهاتووی خۆی دەڕوانێ. لە هەندێ شوێنا بە ئاشکرا دەنگی ناڕەزایی بەرزبۆتەوەو داوا دەکرێ کە حکومەتی هەرێم بۆ هەمووان بێ و بە خواست و داخوازیەکانی هەمووان رابگات. جەماوەر خوازیارە کە ئیدی پێوەری حزبی بوون لە دامەزراندن نەمێنێ، ئاستی بڕوانامە و لێهاتوویی و شارەزایی مەرجی دامەزراندن و کارپێدان لە تەواوی دامودەزگەکانی حکومەتی هەرێم بێ.

قەیرانی سووتەمەنی، کەم ئاوی و نەبوونی کارەبا کێشەکانیان قووڵتر کردۆتەوە، باری بژێوییان سەخت و قورستر کردووە، سیمای شارەکانیان ناحەز کردووە، لەم پێوەندییەدا کۆبوونەوە داوایکرد کە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بەپەلە و کردەیی بهاوێژێ و بەزووترین کات ئەو گرفت و کێشانە چارەسەر بکات.

کۆبوونەوە پشتیوانی حزبی رزگاریی کوردستانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، پارلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێم دووپات کردەوە و داوایکرد کە جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیانی کوردستان نەکرێ و گوێ

لە هەمووان بگیرێ، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکانیان بدرێ.
کۆبوونەوە بە وردی لەسەر رەشنووسی دەستووری عێراق هەڵوێستەی کرد. رەوشی هەستیار و کاودانی قۆناغەکە و سەختی گوشارەکانی هەڵسەنگاند. لەبەرانبەر جێگیر نەکردنی تەواوی خواست و داواکانی گەلی کوردستان نیگەرانی پێشاندا و رەخنەی گرت. نەسەلماندنی راشکاوانەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، دواخستنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ کۆتایی ساڵی 2007، خەمساردیکرن لە جێبەجێ کردنی مادەی 58ی یاسای ئیدارەی کاتی ئەو خاڵە لاوازانەن کە رەشنووسی دەستوورەکەیان لاسەنگ کردووە، پێویستە سەرۆکایەتی کوردستان و لایەنە پەیوەندداره‌کان پێ لەسەرجێبەجێ کردنی ئەو داوایانە دابگرن وکۆتایی 2007 وەك دوایین دەرفەت بۆ گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان راوەستاوانە بچەسپێ.
کۆبوونەوە وەبیری هێنایەوە کە دوای یەکەمین جەنگی جیهان بە پیلان و خواستی دەرەکی هەرسێ ویلایەتی موسلڕ و بەغداد و بەسرە بەیەکەوە لکێنران و دەوڵەتی عێراقیان لێپێکهێنرا. دەبێ لە دەستووردا راشکاوانە ددان بەو راستیە بنرێ کە عێراق لە 2 نیشتیمان پێکهاتووە و نەتەوەکانیش مافی رەوای خۆیانە کە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. هەروەها پێویستە کە پەلە لە نووسینی دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێ. دەبێ دەستووری هەرێم تەواوی خواست و داواکانی گەلی کوردستان لە خۆ بگرێ و بەرژەوەندە باڵاکانی گەل و نیشتیمان رەنگ پێبداتەوە.
کۆبوونەوە جەختی کردەوە کە یەکڕیزی نێوان خەڵك و لایەنە سیاسییەکان، هاوهەنگی و تەبایی نێوان پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان سەنەدی سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی دۆزی رەوای گەلی کوردستانە، لەم پێوەندییەدا بڕیاردرا کە بۆ پتەوکردن و قوڵکرنەوەی پێوەندی لەگەلڕ تێکرایی لایەنە سیاسیەکان شێلگیرانە هەنگاو هەڵبگیرێتەوە.
کۆبوونەوە بە گەشبینییەوە لە پێشکەوتنەکانی بزاڤی رزگاریخوازی پارچەکانی دیکەی کوردستانی روانی، پشتیوانی خۆی بۆ تێکۆشانی رەوای ئەوان دووپات کردەوە، هیوای خواست کە گەلی کورد سەردەمانە خۆی لەگەلڕ گۆڕانکاری و هاوکێشە نێونەتەوەییەکان بگونجێنێ کە لە بەرژەوەندی درێژخایەندا بێتەوە، یەکڕیزی و هاوهەنگی نێوەخۆ پتەوو بەهێزتر بکات. هەروەها هیوای خواست کە حوکمڕانانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە بە چاوی واقیعبینانەی سەردەم رەفتار لەگەلڕ دۆزی گەلی کوردستاندا بکەن، ماف و ئازادییەکان بسەڵمێنن، کۆتایی بە چەوسانەوە و ململانێی نارەوا و سیاسەتی رەگەزپەرستانە بهێنن و بە کردەوە هەوڵی بەرەو پێشخستنی وڵات و بەختەوەرکردنی گەلەکانیان هەنگاو هەڵبگرنەوە.
کۆبوونەوە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی راسپارد کە بە گوڕ و تینیکی نوێوە بەرەو شوێنی کارەکانی خۆیان بگەڕێنەوە وراستوێژانە سیاسەت و رامانەکانی حزبی رزگاریی کوردستان پەیرەو بکەن.
سەرکەوتووبێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیاردا. .

کۆمیتەی ناوەندی 2005-9-13
سلێمانی/ باشوری کوردستان حزبی رزگاریی کوردستان